# هەڵاواردنی ئەرێنی

**چنوور قادری**
لەکۆمەڵناسیی سیاسیدا هەڵاواردنی ئەرێنی کە هێندێك جار بەکردەوەی ئەرێنیش ناو دەبرێت، بەکۆمەڵێك لەپێکهاتە، چوارچێوەو بریارگەلی یاسایی‌و شێوەی جۆراوجۆری بەڕێوەبەری‌و کردەوەیی دەوترێت کە دەتوانێ بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەقۆناغو سەردەمێکی تایبەتدا کەڵکی لێ وەربگیرێت، تاکوو توێژ یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی،

جینسی‌و هتد... لەو بارودۆخە نالەبارە کە لەئاستی کۆمەڵگا لەگەڵیدا بەرەوروون، بێنێتەدەرو ئیمکان‌و دەرفەتی گەشەو پێگەیشتنی زیاتری ئەو گرووپە پێك بێنێ، پێناسە کراوە. دەتوانین بڵێین هەڵاواردنی ئەرێنی میکانیزمێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی هەلومەرجگەلی پێشین‌و بەرهەمی فەرق‌و جیاوازییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی‌یە. هەڵاواردنی ئەرێنی زیاتر بۆ کەمایەتی‌یە نەتەوەییەکان‌و توێژی ژنان لەوڵاتانی جیهان بەکار هاتووەو لەزۆربەی ئەو وڵاتانەی کە کەڵکی لێ وەرگیراوە، ئەزموونێکی سەرکەوتوو بووەو کاریگەریی پۆزێتیڤیشی لەسەر ژیانی تاك‌و گرووپەکانی نێو ئەو کۆمەڵگایانە داناوە.
سەرەتاو بناغەی هاتنەبەرباسی هەڵاواردنی ئەرێنی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی شوێندانەرو یەکسانیخولقێن دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی مەدەنیی رەشپێستەکانی ئامریکا لەدەیەی 1960دا، کە بوو بەهۆی پەسندکردنی یاسایێك بۆ پشتیوانی لەمافی بەکارگرتنی رەشپێستەکانی ئەو وڵاتە. ئەم میکانیزمە لەساڵی 1984 لەئورووپاش بەپەسەندکردنی کۆمەڵێك یاسا لەئاستی ئەو یەکیەتی‌یە بۆ بەهێزکردنی کارکردنی ژنان وەك کردەوەیەکی ئەرێنی بەقازانجی ژنان خۆی نواند. لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا لەزۆربەی ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەدا، لەم شێوەکردارە کەڵك وەرگیراوەو ئاکامی باشیشی هەبووە، بەڵام لەو وڵاتانەدا کە دێموکراسی‌و کولتووری دێموکراتیك سەقامگیر نەبووە، هێشتا بەشك‌و گومانەوە دەڕوانە هەڵاواردنی ئەرێنی‌و کاریگەرییە پۆزێتیڤەکانی. بۆیە هێزو تاکەکانی سەردەست هەوڵ دەدەن کە کۆمەڵگا لەچوارچێوەی سیستمی نەریتی‌و پیاوسالاردا بمێنێتەوەو تەنانەت ئەو دەسەڵاتە بەهێزتریش بکرێت‌و ئەو دەسەکەوت‌و سەرکەوتنانەی کە ژنان بەهێزو ئیرادەو بێ هیچ پشتیوانییەکی دەسەڵات وەدەستیان هێناوە، لاوازو کەمڕەنگ بکەنەوە. ئەو جۆرە دەسەڵاتە هیچ کاتێك هەوڵ بۆ دۆزینەوەی رێگاچارە بۆ چارسەری کێشەکان‌و جێگرکردنی یەکسانی‌و دەرفەتی ژیان بۆ هەموو تاکەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی نادەن. چوونکە چارەسەریی پێویستی بەکاتێکی درێژخایەن‌و گۆڕانکارییەکی بەربڵاو لەیاساو کولتووری کۆمەڵگادا هەیە.
لەجیهاندا هەتا ئێستا لەهەڵاواردنی ئەرێنی بۆ چەند چین‌و توێژی تایبەت کەڵك وەرگیراوە. بۆ نموونە کەمایەتیی‌وگرووپە نەتەوەیی، ئایینی‌و نەژادییەکان، گرووپەکانی قوربانیی کەمئەندامەتیی جەستەیی‌و زەینی و هەروەها ژنان بەهۆی زاڵبوونی سیستمی پیاوسارو توندوتیژی لەقوربانیانی سەرەکی دێنە ئەژمار کە بۆ یەکسانی‌و لەنێوبردنی فەرق‌و جیاوازییەکان لەو شێوە میکانیزمە کەڵك وەرگیراوە. هەڵاواردنی ئەرێنی بەپێی تایبەتمەندیی سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و کولتووری کۆمەڵگاکان دادەڕێژرێت‌و چەند شێوەو مێتۆدی هەیەو دەتوانێ لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازی هەبێ. تەنیا بەپەسەندکردنی چەند بەندی یاسایی ناتوانین ئەو شێوە میکانیزمە بەڕێوە بەرین، دەبێ بەشێوەیەکی جیدی‌و هەمەلایەنەو هەڵسەنگاندنی بارودۆخی بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لەهەڵاواردنی ئەرێنی کەڵك وەربگرین.
مەبەستی سەرەکی ئەم وتارەو باسکردنی پرسەکە، ئاوڕدانەوە لەبەکارهێنانی میکانیزمی هەڵاواردنی ئەرێنی بەقازانجی ژنانە، چوونکە مژارەکە باسهەڵگرەو پێویستی بەلێوردبوونەوەو تیشك خستنەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی بابەتەکە هەیە.
لەجیهانی سێهەم بەگشتی‌و بەتایبەت لەوڵاتانی دواکەوتوو و نادێموکراتیکدا هێشتا سیستم‌و کولتووری پیاوسالاری زاڵەو ژنان بەشێوەیەکی سیستماتیك دەچەوسێندرێنەوەو ماف‌و ئازادییە رەواو ئینسانییەکانیان، چ وەك تاك‌و چ وەك توێژ لێیان زەوت کراوەو ئەم بارودۆخە نالەبارە بۆتە هۆی نایەکسانی‌و نادادپەروەرییەکی باو و بەرچاو لەو کۆمەڵگایانەداو دەسەڵات‌و رۆڵ زیاتر لەدەستی رەگەزی پیاودایەو رەگەزی بەرانبەری، واتە ژن لەوانە بێبەرییە. بۆیە بەکردەوە ژن وەك مرۆڤێکی دەرەجە دوو سەیر دەکرێت‌و وەك نیوەی کۆمەڵگا هەمیشە لەپەراوێز خراوەو لەپرۆسەکانی گەشەپێدان‌و بەشداریی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا لەبوارەکانی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و هتد..دا بێبەش کراوە.
رەخنەگرانی هەڵاواردنی ئەرێنی لەو بڕوایەدان کە بۆ لەنێو بردنی هەڵاواردن، نابی لەهەڵاواردن کەڵك وەربگیرێت، ئەوان ئەو راستییە لەبیر دەکەن کە هەر "پادژەهرێك" لە"ژەهر"ەکەی وەردەگیرێت‌و ئەمە لۆژیکێکە کە لەزانستی پزشکیش کەڵکی لێ وەردەگیرێت. ئەوەی کە زۆر سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە کە رای گشتی، بوونی هەڵاواردن‌و چەوساندەوەی ژنان بەدرێژایی مێژوویان قبووڵ کردووەو رۆژانە رێکلام‌و پڕوپاگاندەی

پێوە دەکەن، بەردەوام باس لەکێشەو ئاریشەکانی ژنانو ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای گەشەکردنو بەرەوپێشچوونیان دەکەن، بەڵام کاتێك کە دێتە مەیدانی کردەوەو پراکتیك، دەکەونە بەرەی دژبەری میکانیزمێکی گونجاو، سەرکەوتوو و وڵامدەر بۆ چارەسەریی هەڵاواردن بەقازانجی ژنان. دەڵێن کە هەڵاواردنی ئەرێنی دژایەتیی لەگەڵ "شایستە سالاری"دا هەیە، وەك ئەوەی کە لەرابردوو و ئێستاشدا لێهاتووەکان هەموو کاتێك دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووەو "شایستە سالاری" بەنیسبەت ئەوانەوە بەڕێوە چووەو دەچێ! دەڵێن کە ڕێگا بدەن بیرو هزرەکان بەرەبەرە بگۆڕدرێنو هەلومەرجی گونجاو بڕەخسێت، ئەم میوەیە پێ بگات، ئەم منداڵە با لەکاتی خۆیدا لەدایك بێتو ...، بەڵام من لەو بڕوایەدام کە نابێ بێلین ئەم میوەیە بڕزێت، ئەو منداڵە بەسەر سکەوە بچێت، توانایییەکان لەنێو بچنو پاسیڤ بنو نابێ ئیزن بدەین ڕەوتی گەشەکردن ئاوا بەئارامیو لەسەرەخۆ بچێتەپێشەوە. ئێمە دەبێ ئیمکاناتی تایبەتو هەنگاوی پێویستو هەروەها هەلومەرجی بەرەوپێشچوونی یەکسانو عادیلانە لەنێوان ژنو پیاودا پەرە پێبدەین.

کۆمەڵگای کوردستانیش بەشێکە لەو پێکهاتەیە کە نەریتو پیاوسالاری بەسەریدا زاڵەو تا گەیشتن بەژیانێکی مۆدێرن، سەردەمیانەو جێگرکردنی دێموکراسی کە باشترین گارانتییە بۆ ئازادی، یەکسانیو دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕێگای دوورودرێژی لەبەردەمدایە. سرووشتییە کە ژنانی کورد قوربانیانی نەریتو پیاوسالاریو دەیان دیاردەی نێگەتیڤی دیکەی کۆمەڵایەتین کە کاریگەرییان لەسەر هەموو بواری ژیانی ژنانی کورد داناوە. هێزە کۆمەڵایەتییەکانو حیزبو ڕێکخراوە کوردییەکان بۆ سڕینەوەی بۆشایی بەشداریی ژنانی لەپرۆسەی گەشەسەندنو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای کوردستان، دەتوانن لەهەڵاواردنی ئەرێنی وەك میکانیزمو ڕێگاچارەیەك بگرنە بەرو هەتا قۆناغی یەکسانیو بەرابەری بەڕێوەی بەرن. بەخۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك پارتی پێشڕەوی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەدەرك کردن بەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەو ئەو پێویستییە لەکوردستانی ئێران، لەچواردەهەمین کۆنگرەی خۆیدا کە هاوینی ئەمساڵ پێکی هێنا، لەفەسڵی سێهەمی بەرنامەی خۆی کە تایبەت بەمافەکانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانە، دەڵێ: "بۆ دەستەبەرکردنی بەرابەریی ڕەگەزی، ڕاستکردنەوەی ئەو بێعەداڵەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتیو کولتوورییەی کە ژنانی کوردستان لەگەڵی بەرەوروون، لەکارو شوێنە گرینگەکانی سیاسەتو بڕیارداندا هەڵاواردنی ئەرێنی بۆ ژنان پێك دەهێنرێو بۆ بردنە سەری ئاستی بەشداریی ژنان لەبەڕێوەبەریدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات ڕادەی ئەندامانی دەزگاکانی بەڕێوەبەری، لەهەر ڕەگەزێك لە، یەك لەسەر سێ کەمتر نەبێ". ئەم هەنگاوە بەرپرسانەیە دەتوانێ میکانیزمێکی گونجاوو لۆژیکی بێ بۆ بۆشایی بوونی ژنانی کورد وەك نیوەی حەشیمەتی وڵات لەهەموو پرۆسەکانی ژیانو بەڕێوەبەریی کۆمەڵگادا.


سەرچاوەکان:
- کانوونی ژنانی ئێران
- بەرنامەو پێڕەوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسەندکراوی کۆنگرەی چواردەهەم